www.kurdistannet.org
11/02/2002 00:18

# باوه!.... ئێوەش من ئەکوژن!؟

سالار سۆفی
salarsofy@hotmail.com

ئارەقەی ڕەشی ژێر پێستم، بە لێشاو داچۆڕا. ڕوخسارم زۆر بەپەلە، جێگۆڕکێی بە ڕەنگەکان دەکرد. بۆ ڕەنگێك دەگەڕا، کە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گونجاو بێت. یان ڕاستتر بڵێم، بۆ خۆدزینەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارە چاوەڕوان نەکراوە گونجاو بێت.

ڕەنگەکانم لێ تێکەڵ بوون. ڕەنگ پاکی جارانی نەمابوو، گشت تەڵخ بوون. هەر ڕەنگێك کە دەهات، بۆر وەك سیمای ئەمن و پاسدار و میت وجەندرمە، ڕەش وەك پۆستاڵەکانیان، تاریك وەك زیندانەکانیان.

هەستم دەکرد مێشکم هێلانەیەکی لە مێژینەی جاڵجاڵۆکەیە، تەونەکانی شانە بە شانەی مێشکیان داپۆشیوم. لەبەردەم دادگایەکی بێ وێنە وەستابووم. مێژووی تاوانەکانم هەزاران ساڵ درێژەی هەبوو. قوربانیەیەکان بە کۆمەڵ هەڵدرابوونەوە، هەر هەموویان خوێنی سوور و گەشیان لێ دەچۆڕا. سوور وەك خوێنی نەتکاوی ناو جێگای شەوانی ئەو زەماوەندانەی هەزارانی لە سەر کوژرا، گەش وەك دڵی ئەو کچانەی پاش یەکەم ژوان خەو لە چاویان دەتۆرا.

قوربانیەیەکان لە زۆر شت لە یەکتر جیاواز بوون، .... لە ناویان، شوێنی ژیانیان، شێوەو ڕوخساریان، سەردەمی کوشتنیان، ڕەنگی پێستیان، ئاینیان، زمانیان و تەنانەت لە شێوەی کوشتنیان. لە هەمووی سەیرتر لە تەمەنیان. قوربانیەیەکان لە منداڵی ناو سکی دایکەوە تێیاندابوو، تا کۆرپەی یەك سەعاتە، تا کیژۆڵە، تا ئافرەتی سکپڕ، تا بەساڵاچوو و پەککەوتە. لە هەموو شت لە یەکتر جیاواز بوون، تەنها لەیەك خاڵ نەبێت، خاڵێکی سادە، مێیینە بوونیان.

هێشتا خوێنیان لەبەر دەڕوا. لێشاوی خوێن بوو بە هەڵم، تێکەڵ بە هەناسەم بوو. هەست دەکەم خوێن هەڵدەمژم، بە بۆڕی هەناسەمدا دێتە خوارێ، سیيەکانمی لێ پڕ بوون، گەیشتە وردیلە دەمارەکانم، گەیشتە هەر ئەندامێکی لەشم، ئەندامەکانی لەشم بوون بە پارچە خوێنێك و هیچی تر.

ژان مێشکی داگرتم، ژان دڵی داگرتم.

...... بۆ ساتێك وشك بووم. ......

ژانی دڵم نامۆ نەبوو، ........ ئاخر ئەوە چەند ڕۆژە نەمبینیوە. تامەزرۆیم، تامەزرۆیم وەك ژنێکی بێکەسی کورد، لە کوردستان، بۆ باوەشی مێردە ئەنفالکراوەکەی. وەك ساوایەکی پێپەتی، لە هەر کونجێکی تاڵانکراوی تری جیهان، بۆ دەستێك جلی تازە و نوقڵێکی شیرین.

گازاندەم لێ مەکەن! من هەست ناکەم شتێك هەبێت لە خۆشەویستی میهرەبانتر، ناسکتر، پاکتر و بەبەرهەمتر، ئیتر بۆ دەبێت ئەم پەردەیەی نێوانمان، بەم جۆرە ڕەش و ئەستوور بێت!؟

هەناسەی ئەو، دەمبوژێنێتەوە، نیگای ئەو، توانایەکی بێ هاوتام لا دروست دەکات. ئەم ژەنگە چیّیە بیری داگرتوون! ئەم ڕقە چیّیە بە ڕووی میهرەبانیدا دەینوێنن! وشەی ڕق لە فەرهەنگی خۆشەویستیدا بوونی نیّیە، بۆ دەبێ ڕق جێ بە خۆشەویستی لەق بکات؟!.

ئەم خوێنە چیّیە لە چاوانتان دێتە خوارێ!. . . . . ئەم خوێنە چیّیە لە چاوانم دێتە خوارێ!. . . . . .

ئەم خوێنە چیّیە لە چاوانمان دێتە خوارێ!

شەپۆلێك بەرەو ڕووم هات، شەپۆلێکی لێڵ. قوربانیّیەکان هەستانە سەر پێ، بەرێ کەوتن، بەرەو لای من بەرێ کەوتن. کاروانیان بێ کۆتاییە. سەرەتایان لە دڵی من و پاشکۆیان لە ئاسۆیە. ئەم شەپۆلە خوێناوییە، خەریکە دەمخنکێنێت. هێزم تێدا نەما، ئەژنۆم دەلەرزێت، چیتر خۆم پێ ڕاناگیرێت.

گوێم لە سەدای موزیکێکی بەجۆشە. ئەو موزیکەی لەیەکەم دیدەنی خۆشەویستیماندا پێکەوە گوێ بیستی بووین.

بەری چاوم ڕوونتر بووەوە. وا شەماڵێکی ئەرخەوانی هەڵیکرد و میهرەبانانە دەست بە قژمدا دەهێنێت، چاو و دڵم گەش دەکاتەوە.

شەپۆلە سوورەکە دیسان، سەری هەڵدایەوە، بەرەو ڕووم هاتەوە. من نازانم چی لێم دەوێت. شەماڵی ئەرخەوانی بەرگری کرد. شەپۆلێکی سوور، شەماڵێکی ئەرخەوانی، . . . . . . . . . سوور، . . . . . . . . ئەرخەوانی، . . . . . . . . سوور، . . . . . . . . ئەرخەوانی.

لە دزەی نێوان ڕەنگەکاندا، تارمایییەك بەدی دەکەم، زۆر لەسەرخۆ هەنگاو دێنێت. بەژنی دەرکەوت، ڕوخساری ئاشکرا بوو، ئەوەندەی تر شڵەژام.

کچە بچکۆلەکەم، بە ڕەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە. بە بەرگێکی سپیی درێژی گەورە ساڵەوە، بەرەو پێش دێت. تەوژمی ئەم ڕەنگ و ئەو ڕەنگ، جار جار ونی دەکەن، بەڵام هەنگاوەکانی هێور ناکەنەوە.

باوەشم بۆ کردەوە. چرای خەندەی لێوی، لە نێو شەوی ڕوخساری هەڵبزڕکاویدا داگیرسا. لێم نزیك بووەوە. پێش ئەوەی بگاتە ئامێزم، هەڵوێستەیەکی کرد، چرا خامۆش بوو، دەستم وشك بوو.

هەنگاوێك کشایەوە، بوو بە دووان و سیان و زیاتر. پشتی تێکردم و خێرا ڕۆیشت. بەدووای کەوتم، ئاوڕێکی دایەوە و ڕایکرد، ڕامکرد بە دووایدا.

چاوێکم فرمێسك و چاوێکم خوێنی لێ دەباری. شەپۆلێکی سوور، شەماڵێکی ئەرخەوانی، یەکێکی تر، دەیانی تر، چاوم تاریك بوو.

وەك بیرم سڕابێتەوە، بۆ ساتێکی کورت کات بوو بە هیچ، شوێن بوو بە هیچ.

یەکەم چرکەی بوون، لە سەدای دەنگی( لاوە) وە دەستی پێکرد.

– باوە بەڕاستی!. . . . ئێوەش من ئەکوژن!؟. . . . . . . دووبارە پرسیاری کردەوە.

چاوم کردەوە، سەرم هەڵبڕی، سیمای تەلیسماوی ( لاوە)، بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە چاوەڕوانی وەڵامێك بوو. وەڵام لە باوکی میهرەبانەوە، لە پیاوی داربەدەستەوە.

ئەم پرسیارە ساکارە کوژەرە، هۆکاری ژانێکی بێ وێنەیە. بۆ خۆی، تۆڵەیەکی قوربانیەیەکانی ئەم بارەیە، لای پیاوسالارانی گێتیش، تاوانێکی گەورەیە.

وەڵامی چی بدەمەوە! وەڵامی کێ بدەمەوە! خۆ ئەمە تەنها پرسیاری لاوە نییە. ئەمە پرسیاری پتر لە نیوەی مرۆڤەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایانەیە و لاوە کردی. ئەمە نهێنی شاراوەی دڵەڕاوکێی گشت کچان و ژنانی ئەم کۆمەڵگایانەیە، لاوە بوێرانە درکاندی. لەجیاتی هەمووان درکاندی.

بەڵێ گیانەکەم. تۆ بوویت بە نوێنەریان و لە پیاوت کرد. ئەم پرسیارە دڵتەزێنەی کیژۆڵەیەك، لە باوکی خۆی، بەرد نەرم دەکات. بەڵام ئاخۆ، چڵکی مێشکی پیاوسالاران، هەر هیچ نەبێت تۆزقاڵێك کەم دەکاتەوە! یان سوێندێکە و خواردوویانە، بۆ برەو بە کرمی مێشکی گەندالیان، کۆڵ نادەن و سوورن لە سەر عیشق کوشتن، جوانی کوشتن، بەهار کوشتن. کێ دەڵێت هەر ئێستا، فادیمەیەکی تر، پێلایەکی تر، کەژاڵێکی تر، لە سووچێکی ئەم سەر زەوییە، بە هەمان دەرد نەبراوە.

لە باوەشم کرد و توند گوشیم بەخۆمەوە.

- نا گیانەکەم، هەموو پیاوێك ژن کوژ نییە. کرم ناگاتە هەموو مێشکێك. ژەنگ ناگاتە هەموو بیرێك. ئەوانە نوێنەری مەرگن، جوانپەرستان زۆر پترن. بە داخەوە فاتیمە مرد، بەڵام عیشقەکەی هەر دەژی، جوانی دەژی، بەهار دەژی. خۆشەویستی نەمرییە.